زێدان و 4 کوڕەکەی دەست بەسەر ڕیال مەدریدا دەگرن..

# "ئەم بەچکەشێرانە کوڕی ئەو شێرەن"



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگی بەریتانی ئاشکرایدەکات کە سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید بەنهێنی لەگەڵ زێنەدین زێدانی ئەفسانەی فەرەنسی ڕێککەوتووە بۆ ئەوەی بەخۆی و 4 کوڕە یاریزانەکەی جڵەوی دەستەڵات لە یانەی شاهانە بگرنە دەست.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیل، لە ڕاپۆرتێکدا بەناونیشانی «ئەم بەچکەشێرانە کوڕی ئەو شێرەن»، پەردە لەسەر ئەوە لادەدات کە فلۆرەنتینۆ پیریزی سەرۆکی ڕیال مەدرید بڕیاریداوە چارەنووسی یانەکەی بداتە دەست زێدان و کوڕەکانی و لەو بارەوە نووسیویەتی «ئەنچیلۆتی دەیەوێ زێدان ببێتە ڕاهێنەر و 4 کوڕەکەیشی لە داهاتوودا ببنە 4 ئەستێرەی ڕیال مەدرید لە ژێر سەرپەرشتی باوکی ڕاهێنەریان».

دەیلی مەیل لەو ڕاپۆرتەیدا تیشکی خستووەتە سەر هەر 4 کوڕەکەی زێدان و باس لەوە دەکات کە هەموویان تواناکانی خۆیان سەلماندووەو چاوەڕوان دەکرێت وەک باوکیان ببنە ئەستێرەی بەتواناو نووسیویەتی «هەر چوار کوڕەکەی زێدان لە تیپە تەمەن جیاوازەکانی ڕیال مەدرید یاریدەکەن، گەورەکەیان ئینزۆیە کە شێوازی یاریکردنی زۆر لە شێوازی باوکی دەچێت و ئێستا لە تیپی سێیەمی ڕیال دریێسی ژمارە 10 لەبەردەکات. کوڕی دووەمی ناوی لۆرکایەو گۆڵچی ڕیال مەدریدە لە تیپی خوار تەمەنی 17 ساڵیدا. دووانەکەی دیکەش، تیۆ و ئەلیاس، لە تیپی تازەپێگەیشتووان یاریدەکەن و ئاستیان زۆر بەرزە، بۆیە پێشبینی ئایندەیەکی گەشیان لێدەکرێت».

WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (344) سێشەممە 2015/3/31 11ی نەورۆزی 2715 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



شکودران موستافی، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ڤالنسیای ئیسپانی، بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# کورد و کوردستان دەناسم

"زۆر سوپاسی ڕووداو دەکەم و درێسێکی خۆمی پێشکەشدەکەم"

"شکودران دوای شڤاینشتایگەر و میتزێلدەر سێیەم یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکات"

3

## فیگۆ: کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ڕەزای گران بووە

4«



## لەدەستی نادەن

دوای ئەوەی یانەی نەورۆز بۆ جاری یەکەم پێشەنگی خولی یانە نایابەکانی کوردستانی وەرگرت، بەرپرسانی ئەو یانەیە نایانەوێ پێشەنگەکە لەدەستبدەن، بۆیە ئەرسەلان جەلالی ڕاهێنەری یانەکە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «دوای ئەوەی توانیمان پێشەنگی یانەکان وەربگرین، ئێستا ئێمە خەریکی پلان دانانین بۆ یارییەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاری لە پێشەنگەکەمان بکەین و جامی ئەمساڵی خولی کوردستان ببەینە سلێمانی». هەروەها گوتیشی «یارییەکی چارەنووسسازمان هەیە بەرامبەر زێرەڤانی، پێویستە ئەو یارییە ببەینەوە بۆ ئەوەی یارییەکانی دیکەش ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین».



# شێخ دەیەوێ کەرکووک ڕزگار بکات

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**ڕووداوی وەرزشی ـ کەرکووک**

دوای دەستلەکارکێشانەوەی ستافی مەشقی یانەی کەرکووک، ڕاهێنەر عەبدوڵڵا مەحموود، کە بە شێخی ڕاهێنەرانی کوردستان ناسراوە، مەشقی تیپەکەی لەئەستۆگرت و وەک خۆی دەڵێت «بەنیازە کەرکووک لە دابەزین بۆ پلەیەک ڕزگار بکات».

سەرەتای ئەم هەفتەیە ستافی مەشقی یانەی کەرکووک، کە پێکهاتبوون لە ڕاهێنەر عیماد قادر و یاریدەدەرەکانی دارەوان قادر و سەواش قادر، دەستیانلەکارکێشایەوە، ئەمەش بەهۆی زنجیرەیەک ئەنجامی خراپی تیپەکە لە خولی نایابی کوردستاندا.

لە بەرامبەردا عەبدوڵڵا مەحموود بەشێوەیەکی خێرا ئەرکی مەشقی یانەی کەرکووکی لەئەستۆگرت و هەر لە سەرەتای ئەم هەفتەیەشدا دەستبەکاربوو، هاوکات یاریزانی پێشووی یانەی کەرکووک وەلید محەممەد دەبێتە یاریدەدەری عەبدوڵڵا مەحموود.

عەبدوڵڵا مەحموود، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «بەرپرسانی یانەی کەرکووک، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵمدا هەیە، داوایان لێکردم مەشقی تیپەکە لە ئەستۆبگرم، منیش ڕازیبووم و ڕاستەوخۆ دەستبەکاربووم، هەروەها من کەرکووک و کەرکووکییەکانم خۆشدەوێ و بەرامبەر ئەوان هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەم».

عەبدوڵڵا مەحموود، ڕایگەیاند بێ هیچ گرێبەستێک و ڕێککەوتنێکی دارایی مەشقی تیپەکەی وەرگرتووەو هەموو هەوڵێکشی بۆ ئەوە دەبێت، یانەکە لە دابەزین بۆ پلە یەکی کوردستان ڕزگاربکات.

مەحموود، کە خەڵکی هەولێرە، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕاهێنەرانی کوردستانە و مەشقی یانەکانی هەولێر، بروسک، پێشمەرگەی هەولێر و ئارارات و هەڵبژاردەی کوردستانیشی لەئەستۆ بووە، هەروەها چەند ساڵێک لەمەوبەر مەشقی بە یانەی کەرکووکیش داوە، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی تیپەکە لە هەردوو خولی عێراق و کوردستاندا بەشداربوو، ئەنجامەکانی خراپ بوون و ئەو ڕاهێنەرەش تیپەکەی بەجێهێشت.

ئەو ڕاهێنەرە ئاشکرایکرد، هەریەکە لە نەریمان خدری گوڵچی و هیشام هادی یاریزانی هێڵی ناوەڕاست لەسەر داوای ئەو، پەیوەندی بە یانەی کەرکووکەوە دەکەن.

گوتیشی «وەک چۆن پێشتر چەند تیپێکی دیکەم لە قۆناخی سەختدا وەرگرتووەو لە دابەزین ڕزگارمکردوون، پشت بەخوا یانەی کەرکووکیش ڕزگاردەکەم».

عەبدوڵڵا مەحموود یەکەم ئەرکی لەگەڵ یانەی کەرکووکدا ئاسان نابێت، کاتێک هەینی داهاتوو لە خولی نایابی کوردستاندا بەرامبەر یانەی هەولێر لە یاریگەی فرەنسۆ هەریریدا یاری دەکات.

یانەی کەرکووک ئەم وەرزە بەهۆی قەیرانی داراییەوە خراپترین بارودۆخی تێپەڕاندووە، تیپەکە ئێستا لە خولی نایابی کوردستان لە پلەی 12دایە و 12 خاڵیشی هەیە، مەترسی دابەزینی بۆ ریزی یانە پلە یەکەکان لەسەرە، هاوکات هەر بەهۆی کێشەکانییەوە، نزیکەی 3 هەفتە لەمەوبەر سەرۆک و تەواوی ستافی کارگێڕیی یانەکە دەستیانلەکارکێشایەوەو ئێستا دەستەیەکی کاتی کاروباری یانەکە بەڕێوەدەبەن.



ئەرسەلان عەبدوڵڵا

## پێکانەکەی مێسی!

هەموو کات پێمخۆشە لەسەر ڕەوشی وەرزشی وڵاتەکەم بنووسم، چونکە کێشەو کێماسی زۆرەو زۆر بە کەمیش لەسەر وەرزشی دەرەوە نووسیومە، بەڵام ئەمجارە بڕیارمدا لەسەر مێسی بنووسم.

مێسی یاریزانێکی سووپەرەو هۆکارێکی سەرەکی سەرکەوتنەکانی بارسیلۆناو ئەرجەنتینە، کەس ناتوانێ نکۆڵیی لە ئاست و بەهرەو دەستکەوتەکانی بکات، تەنانەت بە (بۆچوونی سادەی خۆم)، مێسی یاری بۆ بارسیلۆنا و وڵاتەکەی نەکات، هەردوو تیپ زۆر نۆرماڵ و ئاسایی دەبن و هەر تیپێکی دیکە دەتوانێت لێیان بباتەوە. ئەوە نییە ئەو ڕۆژە تانگۆ، کە دووەمی جیهانە، بە ئاستەم لە سلڤادۆری بردەوە، کە ڕەنگە لاوازترین تیپی ناوچەی ئەمەریکای باکوور بێت و لە دواپۆلێنی جیهانی لە پلەی 89دایە. کێشە ئەوە نییە، مەبەستی سەرەکی من ئەوەیە، بۆچی بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی تانگۆ ئەو پێکانەی مێسییان شاردەوە، کە ئێستا دووچاری بووە. پێش یارییەکەی سلڤادۆر، هەواڵی پێکانی مێسی دزەی کرد، کە ڕۆژنامەی ئۆلێی ئەرجەنتینی بڵاویکردەوە، کە لە یاری کلاسیکۆدا دووچاری بووە، بەڵام هەم یانەکەی و هەم ستافی هەڵبژاردەکەی، هەواڵەکەیان ڕەتکردەوە و گوتیان تەنیا ماندووە، بەڵام مێسی بەشداری مەشقەکانیشی نەکرد. کەچی دوای یارییەکەی سلڤادۆر، کە ئەرجەنتین بە ئاستەم بردییەوەو ئاستێکی ئاسایی هەبوو، ڕۆژنامەوانان بەدوای وەڵامی پرسیارەکەیاندا گەڕان، کە بۆچی مێسی بەشداری یارییەکەی نەکرد، ئیدی چیتر نەتوانرا نهێنییەکە بشاردرێتەوەو تاتا مارتینۆی ڕاهێنەری تانگۆ، دانی بەوەدانا مێسی پێکانی هەیەو گرێیەک (وەرەم) لە قاچیدا هەیە. تەنانەت گوتی «ئێمە سەرکێشی بە مێسی ناکەین» و لە یارییەکەی بەرامبەر ئیکوادۆریشدا، کە بەرەبەیانی سبەی ئەنجامدەدرێت، ڕەنگە بەشداری پێنەکات. هەر ئەمەش وایکرد، سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان لەلای خۆیانەوە پێشبینیی دوورکەوتنەوەی زۆرتری مێسی لە یاریگەدا بکەن.

وەک ئاماژەم پێدا، مێسی ستوونی سەرەکیی پێکهاتەی بارسا و تانگۆیە، بەتایبەتی بۆ بارسا زۆر گرنگە، چونکە کلیلی بردنەوەکان و بزوێنەری تیپەکەیە، بۆیە پێموایە شاردنەوەی هەواڵی دروستی پێکانی مێسی، زیاتر بۆ ئەوەیە ترسی بارسا و جەماوەرەکەی بڕەوێننەوەو ورەی تیپەکە دانەبەزێت، کە ئێستا پێشەنگی لالیگایەو لە چامپیۆنزلیگیشدا ئەرکی بەرامبەر پی ئێس جی ئاسان نییە، هەروەها یاری کۆتایی جامی شای ئیسپانیاشی لەپێشە. هاوکات پێموایە دەیانەوێت مێسی پشوویەکی باش بدات لەو دوو هەفتەیەدا، پێش ئەوەی هەفتەی داهاتوو لالیگا دەستپێبکاتەوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا ناهەقییەکی گەورە بەرامبەر جەماوەری وەرزشی لە ئەمەریکا دەکرێ، کە بۆ بینینی مێسی بلیتی یارییەکانی تانگۆیان بەرامبەر سلڤادۆر و ئیکوادۆر کڕیوەو بە ژمارەیەکی زۆر لە یاریگەدا ئامادەدەبن، کەچی ئەویش بەشداری یاری ڕابردووی نەکردو پێشناچێت لە یارییەکەی بەرەبەیانی سبەیشدا بەشداربێ.

زۆرجار دەگوترێ تۆپی پێ یارییەکی بەکۆمەڵەو هەوڵ و ماندووبوونی هەموو تیپەکە بۆ سەرکەوتن پێویستە، بەڵام وایلێهاتووە بارسا و تانگۆ هەموو خەون و هیواکانیان لەسەر تواناکانی لیۆ مێسی چنیوە، کە پێموایە هەڵەیەکی گەورەیە، زۆر تیپی دیکەش هەن بەمشێوەیە کاردەکەن و لە کۆتاییدا دەستبەتاڵ و مایەپووچ لە بردنەوەی دەستکەوتەکان دەمێننەوە، بەهیوای ئەوەی تیپ و یانەکانی کوردستانیش وانە لەو جۆرە مامەڵەیە وەربگرن، کە بەرامبەر پێکانەکەی مێسی دەکرێ.



### خۆی بۆ ئۆلۆمپیادی 2016 ئامادە دەکات..

# کۆڤان سورچی بەرناکەوێ

**کارزان کانەبی**
**ڕوداوی وەرزشی ـ ئاکرێ**

کۆڤان حەسەن، یاریزانی کوردی خاوەن پێداویستی تایبەت لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە دوایین پاڵەوانیەتی جیهانی لە وڵاتی ئیمارات توانی 6 مەدالیا دەستەبەربکات، بۆیە بووەتە جێی سەرنجی یانەکانی وڵاتانی دەرەوە. ئەو بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «لە چەندین یانەی وڵاتانی دەرەوە گرێبەستم پێشکەش کراوە، بەڵام من نامەوێ لە کوردستان بڕۆم».

دوای ئەوەی کۆڤان حەسەن سورچی، کوڕە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکەی شاری ئاکرێ توانی لە ئیمارات لە پاڵەوانیەتی فەزاعدا 5 مەدالیای زێڕ و مەدالیایەکی زیو بەدەستبێنێت و ژمارەی بەدەستهێنانی ئەنجامە باشەکانی لە پاڵەوانیەتییە جۆراوجۆرەکان بۆ 100 مەدالیای جۆراوجۆر بەرزبکاتەوە، لە یارییەکانی هاویشتنی قورسایی و هەڵدانی دیسک و هاوێشتنی ڕمح، چەندین گرێبەستی لە وڵاتانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و عێراقەوە پێشکەشکرا. لەو بارەوە کۆڤان سورچی بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «بەهۆی ئاست بەرزیمەوە لە هەریەک لە وڵاتانی ئیمارات و ئێران و تورکیا گرێبەستم بۆ هاتووە بۆ ئەوەی لە خولەکانیان یاری بۆ ئەوان بکەم، بەڵام سەرجەم ئەو گرێبەستانەم ڕەتکردووەتەوەو لە هەرێمی کوردستان دەمێنمەوە بۆ ئەوەی زیاتر پەرە بە تواناکانی خۆم بدەم و ئاستی باشتر پێشکەش بکەم». کۆڤان گوتیشی «هەوڵدەدەم ژمارەی بەدەستهێنانی ئەنجامە باشەکانم بەرزبکەوەو ناوی خۆم و کوردستانیش بە گەورەیی لەسەر ئاستی جیهان بەرز بکەمەوە».

ئەو پاڵەوانەی کورد، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئێستا هەوڵ دەدات درێژە بە مەشقە بەردەوامەکانی بدات بۆ ئەوەی لە ئۆلۆمپیادی 2016 لە بەرازیل بەشداری بکات «دەمەوێ وەک یەکەم یاریزانی کورد بەشداری لە ئۆلۆمپیادی 2016ی بەرازیل بکەم و لەوێش ریکۆردێکی جیهانی بە ناوی خۆمەوە تۆماربکەم و ئاڵای کوردستانیش لە پاڵ ئاڵاکانی دیکەی جیهان بەرزبکەمەوە».



### لە لوتکەوە بۆ دواهەمینی ڕیزبەندی یانەکان..

# پێشمەرگەی سلێمانی تەنیا شەڕی مانەوە دەکات

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرایدەکات کە هەمووان لە ئەنجامە خراپەکانی یانەکە بەرپرسن، بەڵام دەشڵێت «ڕاهێنەری پێشوو سەرکەوتوو نەبووە لە دیاریکردنی یاریزانان بۆیە ئەنجامەکانی تیپەکە بەمشێوەیەن».

ماوەی دوو وەرزە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئاستی بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، سەرەتا یانەکە پشتی بە ڕاهێنەری عەرەب، شاهین عەباس بەست، بەڵام نەیتوانی هیچ ئەنجامێک بۆ یانەکە دەستەبەرکات. بۆیە دەستەی کارگێڕی یانەکە ئەرکەکەی بۆ چەند یارییەکە بە سیروان جەباری یاریدەدەری ڕاهێنەر سپارد، کەچی ئەویش نەیتوانی ئاستی تیپەکە بەرزبکاتەوە. ئەمجارە پەنایان بردەوە بەر سەردار ساڵحی ڕاهێنەری پێشووی یانەکە بۆ ئەوەی تیپەکە لەم قەیرانە ڕزگاربکات، بەڵام تاوەکو ئێستا سەرداریش نەیتوانیوە ببێتە فریادەرسی یانەکە.

### هۆکاری ئاستخراپی یانەکە

سەردار ساڵح، هۆکاری شکستەکانی یانەکە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد، کە لە کۆی 17 یاریدا، خاوەنی تەنیا 10 خاڵەو لە پلەی سێزدەهەمی ڕیزبەندی یانەکان دێت. لەو بارەوە گوتی «لە ڕاستیدا ئەنجامەکانمان وەک پێویست نەبوونە، ئەوەش بۆ خراپی دەستنیشانکردنی یاریزانان لەلایەن ڕاهێنەری پێشوو دەگەڕێنمەوە، چونکە دەستنیشانکردنەکانی لە شوێنی خۆی نەبووە، ئەو وایزانیوە خولی نایاب وەک خولەکانی پلە یەک و پلە دوو و خولەکانی دیکەیە، تەنیا پشتی بە یاریزانانی لاو و پلە یەک بەستووە، کە بێگومان هەموو تیپێک پێویستی بە یاریزانی بە ئەزموون هەیە».

ئەو هەروەها گوتیشی «هەرچەندە ژمارەیەک یاریزانی باشی تێدایە، بەڵام تیپی گەورە وا بەڕێوە ناچێت، بە تایبەتی بۆ یانەیەکی گەورە کە زۆربەی یاریزانەکانی ئەزموونیان کەمە».

سەردار ساڵح، ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە وەک ڕاهێنەر بەهیچ شێوەیەک خۆی لە ئەنجامە خراپەکان نادزێتەوە «دەچمە ژێر باری ئەو ئەنجامانەی بەدەستمان هێناون، بەڵام کە تیپیش سەرکەوتوو نەبێت بە تەنیا من لێی بەرپرسیار نیمە، بەڵکو هەموومان بەیەکەوە بەرپرسیاریەتی هەڵدەگەرین».

**سەردار ساڵح:**
**ڕاهێنەری پێشوو بەرپرسیارە لە ئەنجامە خراپەکانمان**

### پێشمەرگە پلانی هەیە

سەردار ساڵح، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان خۆیان بەدەستەوەنادەن و پلانێکیان بۆ هەستانەوە هەیەو گوتی «ئێمە هەموو هەولێکی خۆمان دەدەین بۆ مانەوە لە خولەکە، یاری بۆ یاری شەڕی هەموو یانەکان دەکەین لەپێناو مانەوە». هەروەها گوتیشی «ئێمە پلانی خۆشمان هەیە بۆ ئەوەی دربازبین لە ئەگەری دابەزین، چونکە شەڕی ئێمە لەگەڵ کەرکووک دەبێت بۆ دابەزین».

### پشتگیری بەردەوام هەیە

لە بارەی پشتیگریکردنی ئیدارەی یانەکە لە تیپەکەیان، سەردار ساڵح لە بەرپرسانی یانەکە ڕازییەو دەڵێت «هیچ گلەییەکمان لە ئیدارەی یانەکەمان نییە، بە سەرۆک و هەموو ئەندامەکانەوە پشتیگریمان دەکەن، هەوڵیش دەدەین لە ئاست پشتیگرییەکانی ئەواندا بین».

KOREK Telecom



هەینی پڕ خێر

خەڵاتی جۆراوجۆر
ئەم هەینییە و هەموو هەینییەك

3 خولەك بەبەردەوامی لەناوتۆڕ قسە بكە لە رۆژی هەینی پاشان بەخۆڕایی كورتەنامەیەكی بەتاڵ بنێرە بۆ 232 و پەیوەندی خۆڕایی بۆ ناوتۆڕ بەدەستبێنە لە شەوی هەینی لە كاتژمێر 10:00 بۆ 11:00ی شەو.
ئەم ئۆفەرە تەنها رۆژانی هەینی بەردەست دەبێت لە هەموو پارێزگاكانی عێراق و بۆ سەرجەم بەشداربووانی كورەك، پریپەید و پۆستپەید.

بوێربە خەون ببینە

411
korektel.com

ڕووداو وەرزشی
سێیەمینە
ژمارە (344) سێشەممە 2015/3/31



دوای هەریەکە لە باستیان شڤاینشتایگەر و کریستۆف میتزێلدەر، شکودران موستافی بەرگریکاری ئێستا هەڵبژاردەی مانشافتی ئەڵمانی بووە سێیەم یاریزانی ئەو هەڵبژاردەیە کە قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) بکات. پێشتر شڤاینشتایگەری یاریزانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی لە لێدوانێکدا قسەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) کردووە. هەروەها کریستۆف میتزێلدەری بەرگریکاری پێشووی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکدا وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداوی وەرزشی) داوەتەوە. شکودرانیش بووە سێیەم یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کە قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) بکات.

## شکودران موستافی، یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ڤاڵنسیای ئیسپانی:

# کورد و کوردستان زۆر بە باشی دەناسم

شکودران موستافی، بەرگریکاری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یانەی ڤاڵنسیای ئیسپانی، لە ئەڵمانیا بەڵێنی بە تیمی ڕووداو دابوو هەڤپەیڤینێکیان لەگەڵ ئەنجامبدات، دواتر ناچاربوو بگەڕێتەوە ئیسپانیا. بەڵام بەڵێنەکەی خۆی لەبیرنەکردو تیمی (ڕووداو)ی داوەتی ماڵی خۆی کرد لە شاری ڤاڵنسیاو وێڕای سازدانی خوانێک بۆیان، هەڤپەیڤینێکیشی لەگەڵ ئەنجامدان.

شکودران موستافی، کە درێسێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بە ئیمزای خۆیەوە بە دیاری بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداو ناردووە، لەو هەڤپەیڤینەدا دەڵێت «من زۆر بە باشی کورد و کوردستان دەناسم». ڕوونیشیدەکاتەوە کە چۆن ئاشنا بووە بە هەرێمی کوردستان و گەلی کورد.

ئەو یاریزانە ئەڵمانییە، کە بەهۆی پێکرانی مارکۆ ڕیۆسی یاریزانی بەناوبانگی ئەڵمانی، لەلایەن یواکیم لۆڤی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی مانشافتەوە دەستنیشانکرا بۆ جێگرتنەوەی ڕیۆس لە مۆندیالی 2014 و بووە یەکێک لەو 23 یاریزانە ئەڵمانییەی جامی جیهانیان بەرزکردەوە، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی (ڕووداوی وەرزشی) دەداتەوە.

عومەر هروری
ڕووداو ـ ڤاڵنسیا



شکودران موستافی جامی جیهانی 2014 بەرزدەکاتەوە



نێردراوی ڕووداو لە ماڵی شکودران موستافی

**ڕووداوی وەرزشی: تۆ هێشتا لە تەمەنی 23 ساڵیدای، جامی جیهانیت بردووەتەوە، ئامانج و خەونەکانی دواترت چین؟**

**شکودران موستافی:** کاتێک مرۆڤ یاریزانێکی گەنج بێت و بەشداری لە جامی جیهانیدا بکات، ئەرکی زۆر قورس دەبێت و پێویست دەبێت لەسەری دواتر کۆشش و ماندووبوونی زۆر بکات بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەک بسەلمێنێت، کە شایستەی ئەو دەستکەوتە گەورەیە. پەنا بەخوا هەموو هەوڵەکانم دەخەمەگەڕ بۆ ئەوەی دەستکەوت و نازناوی زۆرتر بەدەستبێنم.

**ڕووداوی وەرزشی: ناوت زیاتر بە ناوێکی ڕۆژهەڵاتی دەچێت نەک ئەڵمانی یان ڕۆژئاوایی، تۆ لە بنەڕەتدا خەڵکی کوێی؟**

**شکودران موستافی:** ڕاستە، من ئەڵمانی نیم، من لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەڵبانیام، دایک و باوکم ئەڵبانین. ناویشم ناوێکی ئەڵبانییە و بەناوی شارێکی ئەڵبانی (شکودرا) ناونراوم.

**ڕووداوی وەرزشی: تۆ کە ئێستا یاری لە لیگا دەکەی، یەکێک لە بەهێزترین خولەکانی جیهان، متمانەی ئەوەت بەخۆیە ببیتە یاریزانێکی ئەستێرە لەو خولە؟**

**شکودران موستافی:** لە ڕاستیدا منیش هەر لەبەر ئەو مەبەستە چوومەتە خولی لیگا و یانەی ڤالنسیام هەڵبژاردووە، دەمەوێ لەگەڵ ئەستێرە بەناوبانگەکانی جیهان یاری بکەم. وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد دەمەوێ لەو خولە بەهێزەدا بۆ هەموو لایەک بیسەلمێنم کە من شایەنی ئەوەم لە یانەیەکی گەورەو خولێکی گەورەدا یاری بکەم و دەستکەوت و نازناویش ببەمەوە.

**ڕووداوی وەرزشی: پێشتر یاریت بۆ یانەی سامپادۆریای ئیتاڵی کردووە، کامە خولت پێ بەهێزترە، لیگای ئیسپانی یان سیریا ئەی ئیتاڵی؟**

**شکودران موستافی:** هەر خولێکی تۆپی پێ جیاوازییەکی خۆی هەیە، لە خولی ئیتاڵیادا خێرایی زۆر ڕۆڵی خۆی نابینێت، بەڵام لەوێ فێرە تەکتیک بووم، بەڵام لە خولی ئیسپانیا خێرایی و تەکتیک لە ئاستێکی بەرزدان. لەبەرئەوە لەو بڕوایەدام کە لە خولی ئیسپانیادا لە ڕووی تەکتیکیشەوە پێشکەوتنێکی باش بەخۆمەوە دەبینم.

**ڕووداوی وەرزشی: ئێستا کە شارەزایی و ئەزموونێکی زۆرت پەیداکردووە، دەتوانی ببیتە یاریزانێکی سەرەکی لە ڕیزەکانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا؟**

**شکودران موستافی:** من یاریزانێکم هەنگا و بە هەنگاو برەو بە تواناکانم دەدەم، نابێ زۆر بیر لە ئاییندەم بکەمەوە، چونکە ئەوکات خۆم لەبیردەچێتەوەو بەردەوام لە خەیاڵدا دەژیم، لەبەرئەوە زۆر بیر لە داهاتوو ناکەمەوە، زیاتر بیر لە پاراستنی ئاستی ڕۆژانەی خۆم دەکەمەوەو هەوڵدەدەم ڕۆژ بە ڕۆژ سوودی زیاتر لە مەشق و ڕاهێنانەکانم وەربگرم. بێگومان لە کاتی یاریکردنیشمدا دەردەکەوێت کە تا چەند یاریزانێکی بەتوانام و شایەنی ئەوەم ببمە یاریزانی سەرەکی یان نا.

**ڕووداوی وەرزشی: ئەگەر هەندێک بیر لەو ساتەوەختە بکەیتەوە، کە تێیدا بانگهێشتکرای بۆ بەشداریکردن لە مۆندیالی 2014ی بەرازیل، دەتوانی هەستی خۆتمان بۆ دەرببڕی؟**

**شکودران موستافی:** ئەوکاتە بۆمان چاوەڕوان نەکراو بوو، سوپرایزێکی گەورەبوو، بە تایبەتیش کە مارکۆ ڕیۆس تووشی پێکان بوو، ئەو هێرشبەرە، قەت لەو بڕوایەدا نەبووم یاریزانێکی بەرگریکار ببردرێتە شوێنی ئەو. هەرچەندە زۆر نیگەران بووم بۆ ڕیۆس، کە ئەو یاریزانێکی سوپەرە لە ئەڵمانیا و بە ماوەیەکی کەم پێش مۆندیال تووشی پێکان بوو، بەڵام لە هەمانکاتدا بۆ من هەستێکی زۆر خۆشبوو، کە بەشداری لە مۆندیالدا بکەم. بۆ من جێگەی شانازی بوو کە یواکیم لۆڤی ڕاهێنەر متمانەی ئەوەی پێدام لەگەڵ هەڵبژاردەی مانشافت بەشداری ئەو بۆنە گەورەیە بکەم.

**ڕووداوی وەرزشی: لە قۆناخی هەشتەمی مۆندیالدا تووشی پێکان بووی، نەتتوانی بەشداری بکەی و لەوێ خەونەکەت کۆتاییهات؟**

**شکودران موستافی:** ئەوە بۆ من زۆر قورس و ناخۆش بوو، هەموو یاریزانێک حەزدەکات بەشداری لە یارییەکی وا گرنگ و گەورەدا بکات. بیر لەوە بکەرەوە من یاریزانێکی گەنجم، کۆششی زۆرم کرد تاوەکو بە خەونی بەشداریکردن لە مۆندیال گەیشتم، بە باشی خۆم بۆ یارییەکە ئامادەکردبوو، کەچی لە ناکاو پزیشک پێتدەڵێت تۆ پێکانت هەیەو ناتوانی چیدی بەردەوام بی، کاروانت لە مۆندیالدا کۆتاییهات. ئەو بۆ من هەواڵێکی زۆر ناخۆش و قورس بوو، زۆر پرسیارم لا دروست بوو، ئایا بەرازیل جێبهێڵم و بگەڕێمەوە ئەڵمانیا یان لەگەڵ هاوڕێکانم بمێنمەوە؟، بەڵام دواتر بڕیارمدا خۆڕاگربم، بیر لە پێکانەکەم نەکەمەوەو لەگەڵ هاوڕێکانم بمێنمەوە، خۆشبەختانەش بووینە پاڵەوانی جیهان.

**ڕووداوی وەرزشی: زانیاریت لەسەر کورد و کوردستان هەیە؟**

**شکودران موستافی:** بەڵێ، من زۆر بە باشی کورد و کوردستان دەناسم و زانیاریشم لەسەریان هەیە.

**ڕووداوی وەرزشی: چۆن دەیانناسی؟**

**شکودران موستافی:** من لە شارێک گەورە بوومە زۆر کوردی لێیە، کە شاری هامبۆرگە. ئەو کاتەی لە قوتابخانەی ناوخۆیی تۆپی پێ بووم لە هامبۆرگ زۆر برادەری کوردم هەبوو، پێکەوە یاریمان دەکرد و باسی کورد و کوردستانیان بۆ دەکردم.

**ڕووداوی وەرزشی: نزیکترین هاوڕێت لەنێو ئەستێرەکانی تۆپی پێی جیهاندا کێیە؟**

**شکودران موستافی:** ماریۆ گۆتزەی ئەستێرەی یانەی بایرن میونشن و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا نزیکترین و خۆشەویستترین هاوڕێمە. هەروەها ڕۆبێرتۆ سۆریانۆی یاریزانی یانەی جەنەوای ئیتاڵیش هاوڕێیەکی زۆر نزیکمە.

**ڕووداوی وەرزشی: بەڕای تۆ کێ باشترین یاریزانی تۆپی پێیە لە جیهاندا؟**

**شکودران موستافی:** نازانم کێ باشترین یاریزانی جیهانە، ئەوە پرسیارێکی زەحمەتە، چونکە زۆر یاریزان دەگەنە لوتکەی ئاستبەرزی، بەڵام هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیەو ناتوانی یەکێکیان لەوانەی دیکە بە باشتر بزانی.

**ڕووداوی وەرزشی: کام یانە خەونی تۆیە، واتە حەزدەکەی یاری بۆ بکەی؟**

**شکودران موستافی:** وەک خەون هیچ یانەیەکم نەکردووەتە خەونی خۆم، ڕاستە زۆر یانەی گەورە هەن کە خاوەنی زۆر دەستکەوتن، بەڵام هێشتا هیچ یەکێکیانم نەکردووەتە خەونی خۆم،واتە خەونی پێوە ببینم.

**ڕووداوی وەرزشی: بەڕای تۆ هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لە توانایدا هەیە ئاستی مۆندیال بپارێزێت و نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای 2016 بباتەوە؟**

**شکودران موستافی:** هیوادارم ئەوکات بەشێک بم لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا، کە بێگومان خاوەنی کۆمەڵێک یاریزانی گەنجی زۆر باشین و ئەگەر بتوانین وەک مۆندیالی بەرازیل یاری بکەین، بێگومان دەتوانین جامی ئەوروپاش ببەینەوە.

**ڕووداوی وەرزشی: بەڵام زۆر لە چاودێر و ڕەخنەگران دەڵێن هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ناتوانێت جامی ئەو پاڵەوانیەتییە بباتەوە، لەبەرئەوەی ئاستی سەردەمی مۆندیالی نەماوەو زۆر لە ئەستێرەکانیشی وازیان لە یاریکردن هێناوە؟**

**شکودران موستافی:** نەخێر پێویست بەوە ناکات بترسین، چونکە پێموایە بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا کارێکی باشیان کردووەو کۆمەڵێک یاریزانی گەنجی باشیان پێگەیاندووە، کە سەرەڕای نەمانی هەندێک ئەستێرەی وەک فلیپ لام و میرۆسلاڤ کلۆزە و ئەوانی دیکە، دەتوانن ئەڵمانیا بکەنە پاڵەوانی ئەوروپاش.

**ڕووداوی وەرزشی: تۆ کام یاریزان بە ئەفسانەی یەکەمی تۆپی پێی جیهان دەزانی؟**

**شکودران موستافی:** من بە بەردەوامی و بە بێ ڕکابەر سەرسامی زێنەدین زێدان بوومەو پێموایە ئەفسانەی مێژووی تۆپ پێی جیهان هەر زێدان و هەر زێدانە.

**ڕووداوی وەرزشی: لیۆنێل مێسی باشترە یان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ؟**

**شکودران موستافی:** ئەمەش پرسیارێکی زەحمەتە، ناتوانم بڵێم کامیان باشترە، ڕێزم بۆ هەردووکیان هەیە، هەردووکیان لە لوتکەی ئاستبەرزیدان، زۆر دەستکەوت و نازناویان بردووەتەوە، هەر یەکێکیشیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆیە ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەش بدەمەوە.

**ڕووداوی وەرزشی: ڕووداو سوپاست دەکات بۆ ئەو داوەتە و بۆ ئەو کاتەی بۆت تەرخان کرد؟**

**شکودران موستافی:** منیش زۆر سوپاسی ڕووداو دەکەم و درێسێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە ئیمزای خۆم پێشکەشی ڕووداو دەکەم.

● ناتوانم بڵێم لیۆنێل مێسی باشترە یان کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

● نازانم کێ باشترین یاریزانی جیهانە و هیچ یانەیەکیش بۆ من خەون نییە

● ئەفسانەی مێژووی تۆپی پێ هەر زێدان و هەر زێدانە

● دەتوانین جامی نەتەوەکانی ئەوروپای 2016 ببەینەوە

● ماریۆ گۆتزە نزیکترین هاوڕێمە

● زۆر سوپاسی (ڕووداو) دەکەم و ئەم درێسەی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بە ئیمزای خۆم پێشکەشی ڕووداو دەکەم






ناو: شکودران موستافی
بەرواری لەدایکبوون: 1992/4/17
شوێنی لەدایکبوون: باد هێرسفێلد ـ ئەڵمانیا
هەڵبژاردە و یانە: ئەڵمانیا ـ ڤاڵنسایی ئیسپانی
شوێنی یاریکردن: هێڵی بەرگری
درێژی باڵا: 184 سانتیمەتر.

## درۆیە



مارکۆ ڤیراتی یاریزانی ئیتاڵی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی هەموو ئەو هەواڵانەی رەتکردەوە کە باس لە ئارەزووی ئەو یاریزانە لاوە بۆ رۆیشتن لە یانەی پاریسی دەکەن و رایگەیاند کە ئەو پرۆپاگەندانە دوورن لە راستی و لەو بارەوە گوتی «درۆیە، من بەهیچ شێوەیەک بیرم لە جێهێشتنی ریزەکانی پاریس سانجێرمان نەکردووەتەوە، چونکە من لە یانەیەکی گەورە یاری دەکەم و لەگەڵیدا زۆر بەختەوەرم، دەمەوێ لەگەڵیدا زۆر دەستکەوت و نازناو ببەمەوە».

## گەڕان بەدوای یاریزانانی کورد لە هەندەران

**93**

لە ئەوروپا و زۆر شوێنی دیکەی جیهاندا بەهرەی وەرزشیی کورد زۆرن، بەتایبەتیش بەهرەی تۆپی پێ، کە لەبەر چەند هۆکارێک لەوانەیە هێشتا زۆر لە خەڵکی کوردستان ئاشنایەتی لەگەڵیاندا نەبێت، بەتایبەتیش کە زۆر لەو بەهرانە لە هەندەران لەدایکبوونە یاخود بە منداڵیی لەگەڵ خێزانەکانیان لە کوردستانەوە بەرەو هەندەران کۆچیان کردووەو لەوێ پێگەیشتوون. (ئەیاس لێڕی) بە هاوکاری (رووداوی وەرزشی) ئەرکی گەڕان بەدوای ئەو بەهرانەی لەئەستۆگرتووە، کە پەنا بەخوا لەهەر ژمارەیەکی (رووداوی وەرزشی)دا یەکێک لەو بەهرانە بە خوێنەران دەناسێنین.

**ئا: ئەیاس لێڕی**

### شیخموس، سادەتتین، زولکوف و نەزیر..

# 4 یاریزانە برا کوردەکەی خولەکانی تورکیا

لە باکووری کوردستان 4 یاریزانی کوردی برا هەن، کە لە خولەکانی تۆپی پێی تورکیا یاری بۆ یانەکانی ئەو وڵاتە دەکەن، (رووداوی وەرزشی) ژیاننامەی ئەو 4 یاریزانە برایە دەخاتە بەرچاوی خوێنەرانی:



***شیخموس ئۆزەر:**

رۆژی 1980/6/10، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە هێڵی هێرشبردن یاریدەکات. ئەو سەرەتا لە ساڵی 1998 لە یانەی ئەرگانیسپۆر دەستی بە یاریکردن کردووەو دواتر یاری بۆ یانەکانی مەلاتیا سپۆر، قەیسەری سپۆر، ماردین سپۆر، کارشیاکاو ئالتای، مێرسین ئادمانیۆردۆ، ئەسکیشەهر بەلەدیە سپۆر و شانلیئۆرفا سپۆر کردووە. ئێستاش یاریزانی یانەی دیاربەکرە. شیخموس ئۆزەر نزیکەی 400 یاری بۆ یانەکانی کردووەو زیاتر لە 100 گۆڵی بۆیان تۆمارکردووە.



***زولکوف ئۆزەر:**

رۆژی 1988/5/10، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایکبووە. وەک گۆڵچی یاریدەکات. ئەو سەرەتا لە یانەی ئەدەنە سپۆر دەستی بە یاریکردن کردووەو لە ساڵی 2009 تاوەکو 2013 لە 37 یاریدا بەرگری لە تۆڕی گۆڵی ئەو یانەیە کردووە. لە وەرزی 2013 - 2014ش چووتە ریزەکانی یانەی ئەلازیق سپۆر و 12 یاری لە سوڤەرلیگی تورکی بۆ ئەو یانەیە کردووەو ئێستاش گۆڵچی یانەی قەیسەری ئەرجیە سپۆرە.



***سادەتتین ئۆزەر:**

رۆژی 1984/5/10، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە هێڵی ناوەڕاست یاریدەکات. ئەو لە ساڵی 2002 لە یانەی دیاربەکر دەستی بە یاریکردن کردووەو دواتر یاری بۆ یانەکانی جزیرە سپۆر، سێرت سپۆر، وان سپۆر، ماردین سپۆر، پازار سپۆر، تەپەجیک سپۆر، یۆزگات سپۆر، گۆکوک سپۆر، سیواس سپۆر، ئیلازق سپۆر، دێرسیم سپۆر و ئاماسیا سپۆر کردووە. لە ساڵی 2014ەوە تاوەکو ئێستاش یاریزانی یانەی بینگۆل سپۆرە.



*** نەزیر ئۆزەر:**

رۆژی 1991/5/12، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان لەدایکبووە. لە هێڵی هێرشبردن یاریدەکات. ئەو لە ساڵی 2008 لە یانەی دیاربەکر دەستی بە یاریکردن کردووەو دواتر یاری بۆ یانەکانی پازارسپۆر، مێرسین، تۆکات سپۆر و ئالتای کردووە. لە سەرەتای ساڵی 2015شەوە گەڕاوەتەوە ریزەکانی یانەی یەکەمی خۆی، کە یانەی دیاربەکرەو وەک هێرشبەرێک بەرگری لە رەنگەکانی یانەی شارەکەی دەکات.

### بۆ ئەوەی ببێتە باشترین گۆڵچی لە مێژوودا..

# جاڵجاڵۆکە چاوی لە شەشەم مۆندیالە

رووداوی وەرزشی - DW

بەڕێوەبەری گۆڵچی ئەفسانەیی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا جیانلویجی بۆفۆن، ئاشکرایکردووە ئامانجی سەرەکی بۆفۆن مانەوەیە لەسەر ئاستی بەرزی بۆ درێژترین ماوە و بەشداریکردن لە شەشەم مۆندیال لە ساڵی 2018 لە رووسیا.

سیلڤانۆ مارتینا، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی لاگازیتا دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی گوتی «بۆفۆن دەیەوێ بەشداری لە شەشەم مۆندیال لە رووسیا بکات هەرچەندە ئەوکات تەمەنی دەبێتە 40 ساڵان». مارتینا مەبەستی ئەم پێداگیرییەی بۆفۆن بۆ بەشداریکردن لە مۆندیالی 2018 روونکردەوەو گوتی «ئامانجی ئێستای بۆفۆن بەشداریکردنە لە مۆندیالی رووسیا، چونکە دەیەوێ ببێتە باشترین گۆڵچی لە مێژووی تۆپی پێدا، ئەوە ئامانجی سەرەکی ئەوە و زۆر بە پەرۆشە ئەو ئامانجە بێنێتەدی».

جیانلویجی بۆفۆن، کە بە جاڵجاڵۆکە ناسراوە بەشداری لە مۆندیالی 1998 لە فەرەنسا کرد و گۆڵچی سێیەمی ئازۆری بوو، پاشان بەشداری لە 4 مۆندیال لە 2002، 2006، 2010 و 2014 کردووە وەک گۆڵچی سەرەکی، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و تاوەکو ئێستا هیچ گۆڵچییەک بەو ژمارەیە نەگەیشتووە، کە بەشداریکردنە لە 6 مۆندیال.



### ئینگلیزەکان هەوڵی بۆ دەدەن..

# باڵۆن دۆری 2016 بۆ هاری کینە



**رووداوی وەرزشی - CNBC**

ئینگلیزەکان هەڵمەتێکی پشتیوانیکردن لە هاری کینی هێرشبەری لاوی یانەی تۆتنهام و هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی خەڵاتی باڵۆن دۆری ساڵی 2016 بەدەست بێنێت.

وەک ئەوەی بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە تەنیا بە ئاست و نازناوەکان گرێ نەدرابێت و پێویستی بە پشتیوانیش هەبێت، بۆیە ئینگلیزەکان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ پشتگیرکردن لە هاری کین دەستپێکردووەو دەیانەوێ ئەو یاریزانەیان لە ساڵی داهاتوودا ببێتە باشترین یاریزانی جیهان. ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتریش ئینگلیزەکان لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵمەتێکی هاوشێوەیان بۆ نیکۆلاس بیندتنەر ئەنجامدا، بەڵام ئەوکات مەبەستیان گاڵتەکردن بوو بە بیندتنەر بەهۆی ئاست لاوازی ئەو لە یاریکردن. کەچی ئینگلیزەکان ئەمجارە پێیانوایە کین دەتوانێت ساڵی داهاتوو خەڵاتی باڵۆن دۆر بەدەست بێنێت، ئەگەر لەسەر هەمان ئاست و درەوشانەوەی ئێستای بەردەوام بێت، بەڵام دوای گواستنەوەی بۆ یانەیەکی دیکە، چونکە ئەستەمە بتوانێت بە تەنیا تۆتنهام بەرەو بردنەوەی نازناوەکان ببات.

هاری کین، ئەمساڵ خاوەنی 29 گۆڵە لە هەموو پێشبڕکێیەکان و تەمەنیشی تەنیا 21 ساڵە. لە یەکەم یاریشدا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا گۆڵێکی تۆمارکرد، لەو یارییەدا کە لە چوارچێوەی پاڵاوتنەکانی یۆرۆی 2016 لە هەڵبژاردەی لیتوانیا تۆمارکرد.



[...] بەرەو کوێ جووڵە بکات و لە [...] وە و ناوەی هێڵی سزا چۆن [...] ت، بۆ ئەوەی یاریزانانی تیپی [...] ڤاڵ بکات و دەرفەتی زیاتر [...] برەخسێنێت. ئەنچیلۆتی لە [...] بنزیمەدا دەڵێ «زۆر گرنگە [...] وەک کەریم بنیزمەم هەیە، [...] وە داوە بۆ ئەوەی لەگەڵ [...] دیکە یاری بکات، تەنیا [...] ارکردن ناوەستێت، کەریم [...] گمەنە». [...] بەهێزترین ئەڵقەیە لە [...] BBC، ئەو کاتەی بنزیمە [...] یدا دەبێت، هێڵی [...] ریال مەدرید لە [...] گاریدا

**«کەس وەک بنزیمە حەزی لەوە نییە هاوڕێکانی لەو زیاتر گۆڵ بکەن»**



لە راستیدا ماوریزیۆ زامبارینیی سەرۆکی یانەی پاڵێرمۆ لە دووشەممەوە تاوەکو هەینی پیاوێکی زۆر باشە، بەڵام شەممە و یەکشەممە دەبێتە درندە

**جینارۆ گاتۆسۆ**

(راهێنەری پێشووی یانەی پاڵێرمۆ)



هەقە سەیرکردنی یاری لیۆنێل مێسی بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە خوار 18 ساڵییە قەدەخە بکرێت، چونکە بەڕاستی زۆر ترسێنەرە

**تورگان هازارد**

(برای ئیدین هازارد)



ئیتاڵییەکان لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە مارادۆنا باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێدا، چونکە ناپۆلی یانەیەکی بچووک بوو، مارادۆنا بە تەنیا توانی بیکاتە یەکەمی ئیتاڵیا

**کارل هاینز رۆمەنیگە**

(سەرۆکی یانەی بایرن میونشن)



کاتێک لە تازەپێگەیشتووانی چێڵسی بووم، هەموو پێش و پاش یارییەک پێڵاوی دینیس ویسی کاپتنی چێڵسیم بۆیاخ دەکردو حەزمدەکرد لە هەر یارییەکدا گۆڵێک بکات بۆ ئەوەی 30 پاوەندم بداتێ

**جۆن تێری**

(کاپتنی یانەی چێڵسی)



لەکاتی سەیرکردنی یاری بارسێلۆنا و مانچستەر سیتیدا ئەوەی مێسی بە یاریزانانی سیتی کرد منی گریاند، چونکە زۆر ترسێنەر بوو

**ئەندێر هێرێرا**

(یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتد)



ڤان گال پیاوێکی زۆر هیچ و پۆچە، جارێکیان منی لەگەڵ ژنەکەم بینی پێیگوت تۆ چۆن مێردت بەو پیاوە کردووە

**هریستۆ ستۆیچکۆف**

(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی پورتوگال)



### ئایا دەزانی؟

هیچ یانەیەکی ئینگلیزی لە کۆی رووبەڕووبوونەوەکانیدا لەگەڵ مانچستەر یونایتد نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ بێت. هەروەها یانەی شەیتانە سوورەکان لە وەتەی ساڵی 1992وە هیچ جارێک لە 3 پلەی یەکەمی ریزبەندی پریمەرلیگ دانەبەزیوە، تاوەکو وەرزی رابردوو. واتە ماوەی 22 ساڵ بەسەریەکەوە یان یەکەم یان دووەم یان سێیەمی پریمەرلیگ بووە. مانچستەر یونایتد یەکەم یانەی ئینگلیزی بوو نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بباتەوەو تاکە یانەی ئینگلیزیشە کە 2 جار جامی مۆندیالی یانەکان بباتەوە. باشترین راهێنەر و باشترین یاریزان و باشترین گۆڵچیش لە مێژووی پریمەرلیگدا لە شەیتانە سوورەکانن، کە بریتین لە هەریەک لە ئەلیکس فێرگسۆن و رایان گیگز و پیتەر شمایکل. بۆیە یانەی مانچستەر یونایتد بە "گەورەی ئینگلیز" و بە "شانازی مەملەکەتی بەریتانیای گەورە" ناودەبرێت.

نەناسراوە



پێدەچێت ئەو ناوبانگەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لە وڵاتانی ئەوروپا هەیەتی، لە ئەمریکا بەهەمان شێوە نەبێت، چونکە لەوێ تۆپی باسکە و تۆپی پێی ئەمریکی لە تۆپی پێی ئاسایی بەناوبانگترن و جەماوەریان زیاترە. بۆیە کاتێک ڕۆژنامەی کانداس پۆکنەر هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ داڤید ویستی ئەستێرەی تیپی ئەندیانا پیسەرزی خولی NBA ئەنجامداوە، لبە ویستی گوتووە لیۆنێل مێسی؟ ویست لە وەڵامدا دەڵێت لیۆنێل مێسی کێیە؟ ڕۆژنامەکە دەڵێت گەورەترین ئەستێرەیە لە جیهاندا، ویست لە وەڵامدا دەڵێت چی دەکات؟!.

## 4 نهێنی کلاسیکۆ..

# ڕۆناڵدۆ جنێو بە هاوڕێکانی دەدات و پیریزیش ئابڕۆی کاسیاس دەبات



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

هەرچەندە 10 ڕۆژ بەسەر یاری کلاسیکۆی لالیگای ئیسپانی لەنێوان هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ڕیال مەدریددا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا جێگەی بایەخی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. ئێستا چەند نهێنییەکی ئەو یارییە ئاشکرابووە، کە دوای یارییەکە ڕۆژنامەنووسان و زوومی کامێراکانیان نەیانتوانیبوو درکیان پێبکەن. ئەمانە هەندێکن لەو نهێنیانە:

* بەرنامەی شیر لاینگیتۆی تەلەڤزیۆنی، ئاشکرایکرد کە دوای یاری کلاسیکۆ فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید زۆر لە ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی یانەکەی تووڕە بووەو ئەوی بە هۆکاری سەرەکی دۆڕانەکەی ڕیال مەدرید زانیوە. وەک لە بەرنامەکەدا باسکرا «فلۆرەنتینۆ پیرێز لە ژووری جلگۆڕینی یاریزانانـدا لەبەردەم هەموو هاوڕێکانیدا، کاسیاسی بەسەر خۆیدا شکاندووەتەوەو پێیگوتووە جیاوازی نێوان ئێمە و ئەوان تەنیا لە گۆڵچیدا بوو». بە قسەی ئەو بەرنامەیە پیرێز بەو قسەیە ویستوویەتی بە کاسیاس بڵێت «کە پراڤۆی گۆڵچی بارسێلۆنا چەند باشبوو لەو یارییەدا تۆ ئەوەندە خراپ بووی».

* لەو یارییەدا دوو دیمەنی جیرارد پیکێی بەرگریکاری بارسێلۆنا بوونە جێگەی پرسیار و تێڕامان، کە لە یەکێکیاندا قسەی لەگەڵ ماتیۆ لاهۆزی ناوبژیوان و لە دووەمیشدا قسەی لەگەڵ پیپێی بەرگریکاری ڕیال مەدریددا دەکرد. بەڵام پیپێ ئاشکرایکرد کە قسەکردنی ئەو و پیپێ دۆستانە بووەو پیپێ پرسیاری تەندروستی ساشای کوڕی لێکردووەو گوتیشی «ناوبژیوانیش لە بارەی تەندروستی ساشاوە لێیپرسیم، هەروەها شتێکی دیکەشی پێگوتم، بەڵام ئەوەیان ناڵێم چیبوو».

* لە یارییەکەدا کاتێک کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەلایەن خافێر ماسکیرانۆوە لێیدراو ئەویش لێیداوە، مێسی چووەتە لای ناوبژیوان و پێیگوتووە «بۆچی ڕۆناڵدۆ دەرناکەی خۆ بینێت چیکرد؟» ناوبژیوانیش لە وەڵامدا پێیگوتووە «هیچ شتێکی وای نەکردووە شایەنی کارتی سوور بێت. ئەمجارە مێسی پێیگوتووە «چۆن هیچی نەکردووە؟ خۆ باش بینیت چیکرد، بەڵام ناتەوێ دەریبکەی». ئەمجارە ناوبژیوانەکە پێیگوتووە «بڕۆ لە ماسکیرانۆ بپرسە بزانە هیچی لێکردووە». ئینجا مێسی بەدەم ڕۆیشتنەوە دیسان پێیگوتووە «ناتەوێ دەریبکەی».

* سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە بۆ ڕۆژنامەیەکی مەدریدی ئاشکرایکردووە کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دوای فیکەی کۆتایی یاری کلاسیکۆ زۆر تووڕە بووەو لای کەریم بنزیمە جنێوی بە هەموو هاوڕێکانی داوە. ئەو سەرچاوەیە لەو بارەوە گوتوویەتی «کاتێک ناوبژیوان فیکەی کۆتایی لێدا، ڕۆناڵدۆ بە بنزیمەی گوتووە «ئەو یاریزانانەمان چین؟ هەموومان کەسی قێزەوەنین». سەرچاوە ڕۆژنامەوانیەکانی مەدرید دوای بڵاوبوونەوەی ئەو قسانە ڕایانگەیاند کە ئەو هەڵسوکەوتەی ڕۆناڵدۆ جەماوەری یانەی شاهانەی زۆر تووڕە کردووەو زۆر لە هاندەرانی ئەو یانەیە دەیانەوێ ڕۆناڵدۆ لە یانەکەیان دەربکرێت و بە یانەیەکی دیکە بفرۆشرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر لەو یارییەدا ڕۆناڵدۆ جنێوی بە ناوبژیوانەکەش دابوو.

## ساتێک بۆ خۆشی..

# چی ڕوویدەدا ئەگەر تۆپی پێ قوتابخانە بووایە

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

ئەگەر تۆپی پێ قوتابخانەیە بووایە، بێنە پێش چاوی خۆت بە بوونی ئەستێرەکانی ئێستای جیهان و ئەوانەی وازیشیان لە یاریکردن هێناوە قوتابخانەکە چۆن دەبوو، با بزانین:

* بەڕێوەبەر: سێر ئەلیکس فێرگسۆن
* یاریدەدەری بەڕێوەبەر: کارلۆ ئەنچیلۆتی
* مامۆستای بیرکاری: خۆزێ مۆرینیۆ
* مامۆستای کیمیا: لویس ڤان گاڵ
* مامۆستای فیزیا: پیپ گواردیۆلا
* مامۆستای تەندروستی: یۆرگن کلۆب
* قوتابییە باشەکە: لیۆنێل میسی
* باشترین قوتابی لە وانەی وەرزش: کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەبوو
* ئەو قوتابیەی یارمەتی هەمووان دەدات: تۆنی کرووس
* قوتابی زیرەک: ڕۆناڵدینهۆ
* ئەو قوتابیەی هەمیشە ستەمی لێدەکرێت: ئارییێن ڕۆبن
* خێراترین قوتابی لە تاقیکردنەوەکان: گاریس بەیڵ
* ئەو قوتابیەی بەردەوام گاز لە قەڵەمەکانی دەگرێ: لویس سوارێز
* ئەو قوتابیەی یارمەتی مامۆستا دەدات: لویس فیگۆ
* ئەو قوتابیەی لە مامۆستا زیرەکترە: ئەندریا پێرلۆ
* ئەو قوتابیەی لە وێنەکێشان زیرەکە: ئەندرێس ئینیێستا
* قوتابیە ئاژاوەچییەکان: پیپێ، دییێگۆ کۆستا، جیریمی ماتیۆ و جۆن تێری
* ئەو قوتابیەی بەردەوام لە پۆل دەردەکرێ: سێرجیۆ ڕامۆس
* ئەو قوتابیەی لە پۆل کات بە فیڕۆدەدات: فێرناندۆ تۆرێس
* ئەو قوتابیەی پۆل دەپارێزێت: مانوێل نۆیەر
* قوتابی سەرنجڕاکێش: مارکۆ ڕۆیس
* ئەو قوتابیەی کۆنتڕۆڵ ناکرێ: ماریۆ بالۆتێلی
* ئەو قوتابیەی هەموو ساڵێک قوتابخانەکەی دەگۆڕێ: زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
* ئەو قوتابیەی وەک فریشتە بوو و ئێستا بووەتە شەیتان: ئەنخێل دیماریا
* ئەو قوتابیەی ئاستی دابەزیوە: مەسعود ئۆزێل
* ئەو قوتابیەی بەردەوام هەڵدەخلیسکێ: ستیڤن جیرارد.



## سەرەڕای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی تاوەکو 2020..

# سیمیۆنی دەتوانێت ئەتلەتیکۆ بەرەو تانگۆ جێبهێڵێت



**ڕوداوی وەرزشی ـ TANGO**

سەرەڕای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید، دییێگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی مەرجی بۆ مانەوە لەگەڵ ئەو یانەیە هەیە. دانی بەوەشدانا کە حەز دەکات لە داهاتوودا ببێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین و دەرفەتی بۆ بڕەخسێت ڕاهێنان بە ئەستێرە و ئەفسانەی بارسێلۆنا، لیۆنێل مێسی بکات.

سیمیۆنی هەفتەی ڕابردوو گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید تاوەکو ساڵی 2020 درێژکردەوەو بەختەوەری خۆی بە تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی دەربڕی، بەڵام لە دەستی ڕۆژنامەنووسان و پرسیارەکانیان لە بارەی ڕووەگەی داهاتووی ڕزگاری نەبوو، نەخاسمە ناوی بە یانەکانی مانچستەر سیتی ئینگلیزی و یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی بەستراوەتەوە. سیمیۆنی ئارەزووی خۆی لە سەرکردایەتیکردنی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین لە داهاتوو نیشاندا، بەڵام هیوای سەرکەوتنی بۆ ڕاهێنەری ئێستا تاتا مارتینۆ خواست، بەوەی بتوانێت لە هاوینی داهاتوو جامی کۆپا ئەمریکا لە چیلی بەدەستبێنێت.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، سیمیۆنی بەر لە واژووکردنی گرێبەستە تازەکەی مەرجی ئەنجامدانی دەستەوارەی گەورەی لەسەر یانەکە هەبووە، بەتایبەتی دووانەی ئوروگوایی ئەدینسۆن کاڤانی و ئەڵمانی مارکۆ ڕیۆس، لەگەڵ تازەکردنەوەی گرێبەستی یاریزانان کۆکی، ئەردا تۆران و دییێگۆ گۆدین. سەرچاوەیەکی نزیک لەو ڕاهێنەرە ئاشکرایکرد «ئەگەر هاتوو ئەتلەتیکۆ مەدرید پابەندی مەرجەکانی سیمیۆنی نەبوو، دەتوانێت پەنا بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی ببات و پاشان بەدوای ڕووگەیەکی دیکەی ئەوروپیدا بگەڕێت، یان شوێنی تاتا مارتینۆ لە هەڵبژاردەی سەماکارانی تانگۆ بگرێتەوە.





باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟ لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کورەك، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.

- بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
- بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
- هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جاریکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
- باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 ڕۆژ بەردەست دەبێت
- نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کورەك
  - دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
  - دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
  - نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.

بوێربە خەون ببینە

korektel.com

411

زووم و وەرزشی
ژمارە (344) سێشەممە 2015/3/31

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**خولی فەرەنسا**
شەممە 2015/4/4
01:30
ڕۆما - ناپۆلی

**خولی ئینگلتەرا**
شەممە 2015/4/4
02:45
ئارسناڵ - لیڤەرپووڵ

**خولی ئەڵمانیا**
شەممە 2015/4/4
04:30
ڤۆلفسبۆرگ - شتۆتگارت

**خولی ئینگلتەرا**
شەممە 2015/4/4
05:00
ئێڤەرتۆن - ساوسهامبتۆن

**خولی ئەڵمانیا**
شەممە 2015/4/4
07:30
بورۆسیا دۆرتمۆند - بایرن میونشن

**خولی ئیسپانیا**
یەکشەممە 2015/4/5
08:00
ڤالێنسیا - ڤیارڕیاڵ

**خولی فەرەنسا**
یەکشەممە 2015/4/5
10:00
مارسیلیا - پاریس سانجێرمان

**خولی ئیسپانیا**
یەکشەممە 2015/4/5
10:00
سێلتاڤیگۆ - بارسێلۆنا

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 29)

هەینی 2015/4/3
ئیبار - رایۆ ڤالیکانۆ 09:45
شەممە 2015/4/4
سڤیلیا - ئەتلەتیک بلباو 05:00
کورتۆبە - ئەتلەتیکۆ مەدرید 07:00
ئەلمێریا - لیڤانتی 09:00
مەلەگە - ریال سۆسیداد 11:00
یەکشەممە 2015/4/5
ریال مەدرید - گرانادا 01:00
خیتافی - دیپۆرتیڤۆ 06:00
ڤالێنسیا - ڤیارڕیال 08:00
سێلتاڤیگۆ - بارسێلۆنا 10:00
دووشەممە 2015/4/6
ئیسپانیۆل - ئیلچێ 09:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 68 |
| 2 - ریال مەدرید | 64 |
| 3 - ڤالێنسیا | 60 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 59 |
| 5 - سڤیلیا | 55 |
| 6 - ڤیارڕیال | 49 |
| 7 - مەلەگە | 44 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 39 |
| 9 - ریال سۆسیداد | 36 |
| 10 - سێلتاڤیگۆ | 35 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - میسی | بارسێلۆنا | 32 |
| 2 - کریستیانۆ | ریال مەدرید | 31 |
| 3 - نیمار | بارسێلۆنا | 17 |
| 4 - باکا | سڤیلیا | 16 |
| 5 - بۆینۆیانە | رایۆ ڤالیکانۆ | 15 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 31)

شەممە 2015/4/4
ئارسناڵ - لیڤەرپووڵ 02:45
ئێڤەرتۆن - ساوسهامبتۆن 05:00
لیستەر سیتی - وێستهام 05:00
مانچستەر یونایتد - ئەستۆن ڤێلا 05:00
سوانزی سیتی - هاڵ سیتی 05:00
وێست برۆمیچ - کۆینز پارک رێنجەرز 05:00
چێڵسی - ستۆک سیتی 07:30
یەکشەممە 2015/4/5
بێرنلی - تۆتنهام 03:30
سەندرلاند - نیۆکاسل 06:00
دووشەممە 2015/4/6
کریستال پالاس - مانچستەر سیتی 10:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێڵسی | 67 |
| 2 - مانچستەر سیتی | 61 |
| 3 - ئارسناڵ | 60 |
| 4 - مانچستەر یونایتد | 59 |
| 5 - لیڤەرپووڵ | 54 |
| 6 - ساوسامبتۆن | 53 |
| 7 - تۆتنهام | 53 |
| 8 - سوانزی سیتی | 43 |
| 9 - وێستهام | 42 |
| 10 - ستۆک سیتی | 42 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کۆستا | چێڵسی | 19 |
| 2 - کین | تۆتنهام | 19 |
| 3 - ئەگوێرۆ | مانچستەرسیتی | 17 |
| 4 - ئۆستن | کۆینز پارک رێنجەرز | 15 |
| 5 - سانچێز | ئارسناڵ | 13 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 29)

شەممە 2015/4/4
ڕۆما - ناپۆلی 01:30
ئاتالانتا - تۆرینۆ 04:00
ڤیرۆنا - چیزینا 04:00
ساسۆلۆ - کیێڤۆ 04:00
کالیاری - لازیۆ 04:00
پالێرمۆ - میلان 04:00
جەنەوا - ئۆدینێزی 04:00
ئینتەرمیلان - پارما 04:00
فیۆرەنتینا - سامپادۆریا 07:30
یوڤانتۆس - ئیمپۆلی 10:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 67 |
| 2 - ڕۆما | 53 |
| 3 - لازیۆ | 52 |
| 4 - سامپادۆریا | 48 |
| 5 - ناپۆلی | 47 |
| 6 - فیۆرەنتینا | 46 |
| 7 - تۆرینۆ | 39 |
| 8 - میلان | 38 |
| 9 - ئینتەرمیلان | 37 |
| 10 - جەنەوا | 37 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - تیڤێز | یوڤانتۆس | 16 |
| 2 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 15 |
| 3 - مینێز | میلان | 15 |
| 4 - هیگواین | ناپۆلی | 13 |
| 5 - لوکاتۆنی | ڤیرۆنا | 13 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 27)

شەممە 2015/4/4
بایرلیڤەرکۆزن - هامبۆرگ 04:30
ڤێردەربرێمەن - ماینز 04:30
ڤۆلفسبۆرگ - شتۆتگارت 04:30
فرایبۆرگ - کۆڵن 04:30
فرانکفۆرت - هانۆڤەر 04:30
هۆفنهایم - مونشنگلادباخ 04:30
بورۆسیا دۆرتمۆند - بایرن میونشن 07:30
یەکشەممە 2015/4/5
ئۆگسبۆرگ - شاڵکە 04:30
هێرتا بەرلین - پادربۆرن 06:30

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 64 |
| 2 - ڤۆلفسبۆرگ | 54 |
| 3 - مونشنگلادباخ | 47 |
| 4 - بایرلیڤەرکۆزن | 45 |
| 5 - شاڵکە | 39 |
| 6 - ئۆگسبۆرگ | 38 |
| 7 - هۆفنهایم | 37 |
| 8 - فرانکفۆرت | 34 |
| 9 - ڤێردەربرێمەن | 34 |
| 10 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 33 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ماییر | فرانکفۆرت | 19 |
| 2 - رۆبن | بایرن میونشن | 17 |
| 3 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 13 |
| 4 - دۆست | ڤۆلفسبۆرگ | 13 |
| 5 - مۆلەر | بایرن میونشن | 12 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 30)

هەینی 2015/4/3
مۆناکۆ - سانت ئیتیان 09:30
شەممە 2015/4/4
گانگۆن - لیۆن 06:00
مۆنبیلیە - باستیا 09:00
نیس - ئیڤیان 09:00
لیل - ریمس 09:00
لۆریان - رین 09:00
میتز - تۆلۆز 09:00
یەکشەممە 2015/4/5
بۆردۆ - لانس 03:00
نانت - کان 06:00
مارسیلیا - پاریس سانجێرمان 10:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 59 |
| 2 - لیۆن | 58 |
| 3 - مارسیلیا | 57 |
| 4 - مۆناکۆ | 53 |
| 5 - سانت ئیتیان | 52 |
| 6 - بۆردۆ | 48 |
| 7 - مۆنبیلیە | 45 |
| 8 - لیل | 41 |
| 9 - نانت | 40 |
| 10 - گانگۆن | 39 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لاکازێتی | لیۆن | 24 |
| 2 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 17 |
| 3 - جینیاک | مارسیلیا | 16 |
| 4 - بیۆڤی | گانگۆن | 11 |
| 5 - نەبیل‌یانە | لیۆن | 11 |

## خولی کوردستان (هەفتەی 18)

پێنجشەممە 2015/4/2
زاخۆ - پێشمەرگەی هەولێر 03:00
هندرێن - دهۆک 03:00
نەورۆز - زێرەڤانی 03:00
هەینی 2015/4/3
هەولێر - کەرکووک 03:00
برایەتی - شێروانە 03:00
سلێمانی - ئارارات 03:00

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - نەورۆز | 33 |
| 2 - دهۆک | 32 |
| 3 - زێرەڤانی | 32 |
| 4 - زاخۆ | 24 |
| 5 - پێشمەرگەی هەولێر | 23 |
| 6 - هەولێر | 21 |
| 7 - شێروانە | 21 |
| 8 - سلێمانی | 20 |
| 9 - ئارارات | 19 |
| 10 - برایەتی | 19 |
| 11 - هندرێن | 17 |
| 12 - کەرکووک | 12 |
| 13 - پێشمەرگەی سلێمانی | 10 |
| 14 - برووسک | 0 |

KOREK

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (344) سێشەممە 2015/3/31




## ئاشکرایدەکات

خافێر ماسکیرانۆی یاریزانی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی لە هەڤپەیڤینێکدا دانی بەوەدانا کە لە یاری بارسیلۆنا و مانچستەر سیتی لە چامپیۆنسلیگدا ئەو بە تیر شتیگنی گۆلچی گوتووە سێرجیۆ ئەگوێرۆ تۆپەکە بۆ لای ڕاستی تۆ لێدەدات و بەو هۆیەوە لێدانی سزای ئەگوێرۆی گەڕاندووەتەوە. لەو بارەوە ئەگوێرۆ ئاشکرایکرد «لە ڕاستیدا ئەگوێرۆ لایەکی دیاریکراوی نییە بۆ لێدانی پەناڵتی، بەڵام ئەوە دەزانم کە لە یارییە زەحمەتەکاندا هەمیشە لای ڕاستی گۆڵچی هەڵدەبژێرێت، لەبەرئەوە دڵنیابووم بەو شێوەیە لێدەدات و شتیگنم لێ ئاگادار کردەوە».



ڕێبوار محەممەد

# دۆنگا مژدەی داوەتە برازیلییەکان

برازیل یارییەکی ئاستبەرزی بەرامبەر فەرەنسا پێشکەشکرد، گێمی دووەمی ئەو یارییە گێمی برازیلییەکان بوو، گێمی دەرکەوتنی یاریزانەکانی دۆنگا و ئەو درێس زەردانە بوو کە تا ئێستا بەرامبەر هاندەرەکانی سامبا کاتێک بیر لە مۆندیالی پێشوو دەکەنەوە شەرم دەیانگرێت.

دوای ئەو سەرکەوتنە، ئەمجارەیان چیلی کە هەڵگری چێژی لاتینییە لە تۆپی پێدا، لەسەردەستی برازیل تووشی شکست هات، هەردوو یاری دۆستانە بوون و هەمووان خۆیان لە ڕێگەی ئەو یارییانەوە بۆ داهاتوو ئامادە دەکەن.

هەڵوەستە لەسەر برازیل هەڵوەستەیە لەسەر کولتوورێکی مەزنی تۆپی پێ، کە جیا لە پێنج نازناوی مۆندیال، دنیایەک ئەستێرە و یاریزانی بێوێنەی بەرهەمهێناوە.

پرسیارە سەرەکییەکە دوای گەڕانەوەی دۆنگا و ئاستی بەرزی برازیل لە دوو یاری ئەم هەفتەیەی و درەوشانەوەی ئەستێرەکانی، ئەوەیە ئایا دۆنگا هەڵەکانی چاککردووەتەوە؟ ئایا برازیلی سەردەمی زێڕین دەگەڕێتەوە، هەڵبژاردەیەک دەبینین هەمووان سڵی لێبکەنەوە و ئاواتەخواز بن ڕووبەڕووی نەبنەوە؟

وەک هاوکارم (ئیحسان تاهیر) دەڵێ هەڵسانەوەی تیپێک کە چەند مانگێک لەمەوبەر عەرەب گوتەنی بە (فەزیحە)وە لەسەر خاکی خۆی مۆندیالی بەجێهێشت، کارێکی ئاسان نییە، بۆیە دەبێ دۆنگا زۆر کار لەسەر ئەو لایەنەی دەروونی یاریزانەکانی بکات، چونکە ئەوەتا تا ئێستاش مولەر لە گاڵتە و گەپ بە دانتی هاوڕێیدا وەبیری ئەو یاریزانەی دەهێنێتەوە ڕۆژەکانی هەفتە حەوتن!!

ئەگەرچی دۆنگا بە تەماشاکردنی کاری ئەمجارەی تا ئێستا، لەگەڵ جاری پێشوویدا، شێوەی بیرکردنەوەی لە کارەکەیدا زۆر گۆڕاوە وەلێ نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، ئەو ڕاهێنەرە لە سەردەمی یەکەمی کارەکەشیدا شتێکی لەو بابەتەی کرد.

دۆنگا دەیەوێ بگاتە بردنەوەی ژمارە 10 لەسەریەک لەگەڵ سامپادا و ئەوەش کارێکی ئاسان نییە بۆ ئەو ڕاهێنەرە، بەڵام ئەوەی یاریزانە برازیلییەکان دەیڵێن هەمووی گەشبینی لێدەبارێت، ئەلێکسی ناسراو بە پۆلیسی بەرگری و بەرگریکەری میلان دەڵێ دۆنگا باشترین کەس بوو بۆ ئەوەی خەمی سکانداڵی مۆندیال لە بیری یاریزانەکانی و برازیلییەکان بباتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی دۆنگا لە ماوەی ڕابردووی دوای مۆندیال تا ئێستا کردوویەتی، هەمووی گەشبینی لای برازیلییەکان بەرهەمهێناوە، برازیل بە شێوەیەکی نوێ دەردەکەوێت، ڕاستەوخۆتر بەرامبەر گۆڵ، خێراتر یاریدەکات و ڕیتم دەگۆڕێت و کۆنترۆڵی تۆپ بەلایەوە گرنگە.

ئەو گەشبینییە هاوینی ئەمساڵ دەکەوێتە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەوە، کە تەماشای سەردەمی دۆنگا لەگەڵ برازیل دەکەم، شتێکی لەو جۆرەم دێتەوە بەرچاو. ئەوکات دۆنگا برازیلی کردە پاڵەوانی کیشوەرەکان، وەلێ لە مۆندیالدا زۆر بە ئاسانی بە هۆڵەندا دۆڕا و دەرکرا.

ئێستا دەبێ دۆنگا دەرسی لە ئەزموونی یەکەمی خۆی وەرگرتبێت، فێری هەندێک شتی نوێ بووبێت، لەوە گەیشتبێت تۆپی پێ ئێستا پلان و زانست و تەکتیک و بیرکردنەوەی مۆرینۆییانەی دەوێ تا بتوانی لە تیپێک ببەیتەوە دەبێ شەونخونی لە پلان و بیرکردنەوەدا بکەیت.

برازیل هەردەم کێشەی بەرگری هەبووە، ئێستا ئەو بەرگریکەرە برازیلییانەی لەبەردەستی دۆنگادان، نموونەیین ئەوەندە بەسە بزانین سێلڤا و لویز مێد ئین برازیلن و هێڵەکانی دیکەش لێگەڕێ. دۆنگا لەوەدا پێویستی بەوە هەیە مامەڵەی سەردەمییانە لەگەڵ زانستی تۆپی پێدا بکات و چۆن بیر لە هێرشبەرەکانی دەکاتەوە، خەمی ناوەند و پشتەوەشی بێت، چونکە سەردەمی ئەوە بەسەرچووە ئەستێرەیەک بەتەنیا خەمی تیپێک لە کۆڵ بنێت بەرەو سەکۆی نازناوەکان.

تاقیکردنەوە نوێیەکانی دۆنگا باش و سەرنجڕاکێشن، بەڵام من ناتوانم بەگومان نەبم لەوەی تا ئێستا پێشکەشی کردووە، کوپا ئەمریکاش تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە نییە، لەو گەورەتر مۆندیالی ڕووسیایە.

بە پێچەوانەی زۆربەی ئەستێرە موسڵمانەکان..

# دزیکۆ پیاوێکی دووڕوو نییە



**ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT**

کامێرای ڕۆژنامەنووسان سەلماندیان کە ئیدین دزیکۆی هێرشبەری بۆسنی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی بە پێچەوانەی زۆربەی ئەستێرە موسڵمانەکانی دیکە دووڕوو نییە و بە تەواوی پابەندە بە ئەرکە ئایینیەکانی.

کاتێک شاندی هەڵبژاردەی بۆسنەو هێرسک گەشتی وڵاتی ئەندۆرای کرد بۆ ئەنجامدانی یارییەک بەرامبەر هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە لە چوارچێوەی پاڵاوتنەکانی جامی نەتەوەکانی ئەورووپای 2016، کامێراکانی ڕۆژنامەنووسان توانیان چەند وێنەیەکی دزیکۆ بگرن، کە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بۆ ئامادەبوونی وتار و ئەنجامدانی نوێژی هەینی چووەتە مزگەوتێکی ئەندۆرا. لەو وێنانەدا دەردەکەوێت کە دزیکۆ زۆر بە ملکەچی لە خوا دەپاڕێتەوەو بۆ نزا و دوعاکردن لە خوا دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە».

ئەم وێنانەی دزیکۆ زۆر بە خێرایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوونەوە و زۆر لە خەڵکی لە کۆمێنتەکانیاندا نووسیویانە «دزیکۆ سەلماندی کە بە تەواوی و لە ناخەوە ئەرکە ئایینیەکانی جێبەجێدەکات، بە پێچەوانەی زۆربەی ئەستێرە موسڵمانەکان کە تەنیا لە ڕاگەیاندنەکاندا دەڵێن ئێمە موسڵمانین، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پابەندییەکیان بە ئەرکە ئایینیەکانەوە نییە».

هەڵبژاردەی بۆسنەو هێرسک یارییەکانی لە گرووپی دووەمی پاڵەوتنەکانی یۆرۆی 2016 ئەنجامدەدات و بە بردنەوە لە ئەندۆرا بە 3 گۆڵ، کە هەموویان لەلایەن دزیکۆیەوە تۆمارکران، ژمارەی خاڵەکانی گەیاندە 5 خاڵ لە 5 یاریدا و ئێستا پلەی پێنجەمی ڕیزبەندی گرووپەکەی گرتووە.




(ڕووداوی وەرزشی)
بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە

ناو : ..............................................

مۆبایل : ..............................................

6 سی و نۆیەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (ڕووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی ڕووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری ڕۆیشتنی کارەبایی.
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD.
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ.
5 ـ مۆبایل.



پێشبڕکێ

به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

نامەیەک بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 760 5215
لەگەڵ ناوی خۆت



خۆگر ئیسماعیل
لە
هەولێر

بە لێدوانی:
( برا برایە، کلاسیکۆ جودایە )
بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.




سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
EHSANJORNALIST@YAHOO.COM - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

ڕووداو وەرزشی
ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو ڕۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

ڕووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە
www.rudaw.net



هەموو دووشەممەیەک
ڕووداو
بخوێنەوە